# ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی (یەك) بە نموونە

د. زانا فەقێ محەممەد
بەشی مێژوو/ کۆلێجی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیان
Zana.faqe@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئەنفال، پرۆسەیەکی سەربازیی پلان بۆ داڕێژراو بوو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە مەبەستی لە ناوبردنی شوناسی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان پیادەی کرد، بە تایبەتی دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ساڵی 1975 بە ڕابەرایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، توانیبوویان بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستان ئازاد بکەن، هەربۆیە حکومەتی عێراق تاوانی ئەنفالی لە 23ی شوباتی 1988 دەستپێکرد لە 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ کۆتایی پێهێنا، بە جۆرێك بەسەر هەشت قۆناغ لە شەش ناوچەی جیاوازدا جێبەجێیکرد. دەستپێکی ئەم پرۆسەیە لە قۆناغی یەکەمدا بە هێرشکردن بۆ سەرناوچەکانی دۆڵی جافایەتی بوو کە بارەگای سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە ناوچەکەدا بوو، بە مەبەستی ڕێگریکردن لەوێرانکردنی ناوچەکان و پاراستنی گیانی دانیشتوان و شوناسی نەتەوەیی، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە ، بە جۆرێك چەندین کوژراو لە هەر دوولا کەوتەوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دووباسی سەربەخۆ و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان پێکهاتووە. لە باسی یەکەم بە ناونیشانی ئەنفالی قۆناغی (یەك)، تێیدا هۆکار و چۆنێتی دەستپێکردنی پلانی حکومەتی عێراق بۆ ئەنفالی ناوچەکانی (دۆڵی جافایەتی) خراوەتەڕوو، هەرچی باسی دووەمە بەناونیشانی (ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی (یەك) بە نموونە ، باسمان لە ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) کردووە چۆن لە ڕێگایی دانانی پلان و نەخشەوە ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەتەوە بە مەبەستی پاراستنی ناوچەکە و شوناسی نەتەوەیی ، هەروەها هەوڵدراوە ژمارە کوژراوانی هەردوولا بخرێتە ڕوو.

**کلیلە وشە:** ئەنفال، سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگە، دۆڵی جافایەتی، ڕووبەڕووبوونەوە.

**پێشەکی:**

زیادبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە ساڵانی جەنگی (عێراق- ئێران 1980-1988)، ئازادکردنی چەندین ناوچەی گرنگ بوو بە هۆکاری ئەوەی، حکومەتی عێراق هێرشێکی بەربڵاو بکاتە سەر ناوچەکانی دۆڵی (جافایەتی)، بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچەکە و گرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، کە لە ناوچەکەدا بوو، بۆ ئەم مەبەستە پرۆسەێکی سەربازیی پلان بۆ داڕێژراوی کردە سەر ناوچەکە، لە ژێر ناوی (ئەنفال)دا، کە مەبەست لێی لە ناوبردنی شوناس و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو لە باشووری کوردستان،

چونکە دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە ساڵی 1975 بەرابەرایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، توانیبوویان بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستان ئازاد بکەن، بە مەبەستی داگیرکردنەوەی ناوچەکان حکومەتی عێراق تاوانی ئەنفالی لە 23ی شوباتی 1988 دەستپێکرد لە 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ کۆتایی پێهێنا، بە جۆرێك بە سەر هەشت قۆناغ، لە شەش ناوچەی جیاوازدا جێبەجێیکرد. دەستپێکی ئەم پرۆسەە لە قۆناغی یەکەمدا بە هێرشکردنی بۆ سەرناوچەکانی دۆڵی جافایەتی بوو لە 23ی شوباتی 1988 ، کە بارەگای سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە ناوچەکەدا بوو، بە مەبەستی ڕێگریکردن لەوێرانکردنی ناوچەکان و پاراستنی گیانی دانیشتوان و شوناسی نەتەوەیی، هێزەکانی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای عێراق بوونەوە، هەرچەندە پێشمەرگەکانی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) توانییان بۆ ماوەی (25) ڕۆژ بەرگری لە ناوچەکە بکەن، بەڵام لە 19ی شوباتی 1988 ناوچەکەیان چوڵکرد، توانییان بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە ڕزگار بکەن.

هۆکار و گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، هەتا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لە سەر ناونیشانی توێژینەوەکەمان (ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی (یەك) بە نموونە. نەکراوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لە ژمارەیەك پەرتووك و ڕۆژنامە و گۆڤاردا هاتووە، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئێمە توێژینەوەیەکی زانستی لە بارەیەوە ئەنجام بدەین. ئامانج لە توێژینەوەکە لە پلەی یەکەمدا بۆ خستنە ڕووی هۆکارەکانی قۆناغی ئەنفالی (یەك) پلانی سوپای عێراق بوو، لە گرتنی ناوچەکە، هەروەها خستنە ڕووی چۆنێتی بەگری کردنی ناوچەکە لە لایەن هێزی پێشمەرگە و چۆنێتی ئازاد کردنی خەڵکی ناوچەکە بوو.
توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکیەك دوو باس، ئەنجام و لیستی سەرچاوە و نەخشە و پاشکۆی بەڵگەنامەکان، باسی یەکەمی توێژینەوەکەمان بۆ باسکردن لە هۆکار و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی یەك تەرخانکراوە، لە باسی دووەمی توێژینەوەکەدا ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق خراوەتە ڕوو، هەروەها لەم باسەدا هەوڵەکانی پیشمەرگە بۆ پاراستنی ناوچەکە و دەربازکردنی خەڵکی ناوچەکە خراوەتە بەرباس، وێڕای ئەوەی ژمارەی کوژراوانی هەردوو لا بەیان کراوە. ئەو میتۆدەی پشتی پێ بەستراوە، بریتییە لە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ توێژینەوە لەسەر (ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی (یەك) بەنموونە. پشتمان بە بەکارهێنانی چەندین سەرچاوەی تر لەشێوەی بیرەوەریی و پەرتوك و نامەی زانکۆیی بەستووە، هەروەها هەوڵدراوە بێلایەنانە و دوور لە هەر کاریگەرییەك، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و کورت و پووخت لێکبدەینەوە.

بۆئەنجامدانی توێژینەوەکەمان سوودمان لە سەرچاوەی جۆراوجۆر وەرگرتووە، هەندێك لەو سەرچاوانە بریتین لە نامە و بەڵگەنامە، ئەمانەش بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە. بەشێکی تر لەو سەرچاوانەی سوودمان لێوەرگرتوون و زانیاریی زۆریان تێدایە، بریتیین لە یاداشتی کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو قۆناغە مێژووییە، کە تێیدا ژیاون و ڕووداوەکانیان تۆمارکردووە و نووسیوویانەتەوە. لەوانە: (مەحموود سەنگاوی: بیرەوەرییەکانی سەنگاویی)و (نەوشێروان مستەفا ئەمین: خوولانەوە لەناو بازنەدا، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی 1984–1988) و (ڕەشید عەلی سەعید: پارتیزانێك لە ناوگڕو کڵپەدا)، خەلیل سەرکانی: ئەنفال لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا، مەردان کوڵەجۆیی: ئەزموونی تەمەنێك، بەشی یەکەم ئەگەرچی بەشێوازێکی لایەنگیرانە نووسراونەتەوە و کەمترین مەرجی زانستییان تێدایە، بەڵام سوودی زۆری بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە، چونکە

sjh@univsul.edu.iq

وەك سەرچاوەی گرنگ بۆ میتۆدی توێژینەوەکان بەکارهێنراوە. گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانە بوون، کە بۆ توێژینەوەکەمان سوودی لێوەرگیراوە. جۆرێکی تر لەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێ وەگیراوە، لایەنی زانستی تێدا ڕەچاو کراوە، بریتی بووە لەو پەرتووکانەی، کە بەشێوەیەکی گشتی زانیاریی هەمەلایەنی دەربارەی دۆخی سیاسیی باشووری کوردستانی تێدا بووە، کارنامەی ئەکادیمییەکان (ماستەر)، جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانە بوون، کە زانیارییان لێوەرگیراوە، بۆ یەکلاکردنەوەی زۆرێك لە پرسەکانی توێژینەوەکانمان بەکارهێنراوە. جا تێزە بڵاوکراوەکان بووبێت یان بڵاونەکراوەکان... هتد، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ناویان هاتووە، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی نێو ڕووداوەکان جۆرێکی تر بووە لە سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**باسی یەکەم: پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی یەك:**

دوای پەرەسەندنی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە نێوان ساڵی 1987_1988 کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، ئازادکردنی بەشێکی زۆر لە شارەدێ و شارۆچکەکان لە وانە ( قەرەداغ، تەق تەق، قەڵادزە، سەنگاو، دێگەڵە و سەری ڕەش)، وێڕای ئەنجامدانی چەندین چالاکی تر لە شێوەی شەڕی (پارتیزانی، بەرەیی و ناوگوند) لە گرنگترینیان ئەنجامدانی داستانی (ڕزگاریی) بوو کە زیانێکی گیانی و مادیی زۆری بە هێزەکانی حکومەتی عێراق گەیاندبوو، ئەمەش وایکردبوو سوپای عێراق بە چڕی هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکان و پێشمەرگە زیاد بکات، بە جۆرێك چەکی کیمیاویی بەکاربهێنێت (فەقێ، 2024: 305-322)، لە لایەکی ترەوە بەمەبەستی کۆتایهێنان بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە شێوەیەکی یەکجاریی لە ڕۆژانی 15_18ی ئازاری1987 سەرکردایەتی هەرێمایەتی (حزبی بەعسی ئیشتراکی) و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە ئامادە بوونی هەر یەکە لە (نزار خەزرەجی)، سابر عەبدولعەزیز ئەلدووری بەڕێوەبەری (بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری سەربازیی) و حسێن ڕەشید ئەلتکریتی(جێگری سەرۆکی فەرماندەیی ئەرکانی سوپا) چەند کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا (الثورة، 1987: 3) ، تێیدا بڕیار درا چەندین ڕێ و شوێن بگرنە بەر بۆ هێرشکردنە سەر باکووری عێراق، هەروەها بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان، بڕیاری (ژ 160/0) لە 29ی ئازاری 1987 بە واژووی (سەددام حسێن) دەرکرا، بڕیار درا بە دانانی (عەلی حەسەن مەجید1941_2007) بە سکرتێری نوسینگەی باکووری حزبی بەعس، هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهای پێدرا(قرار مجلس الثورة/ 1987/3/29، بەڵگەنامەی ژمارە1).

دوای ئەوەی عەلی حەسەن مەجید ، وەک فەرماندەی سەربازیی بەرەی باکوور دانرا، لە یەکەم هەنگاویدا پەنای بۆ سیاسەتی دەستبەسەرداگرتنی زەوی برد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1987دا ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان وەک ناوچەی ئەمنی ڕاگەیاند، هەموو فەرمانێکی بە بێ گەڕانەوە بۆ هیچ کەسێك جێبەجیدەکرد (عمرون، شبابحە، 2016-2017: 37). لە 3ی حوزەیرانی 1987دا یەکەمین فەرمانی بە ژمارە 3650/28 دەرکرد، ئاراستەی سەرجەم دامو دەزگا مەدەنی و سەربازییەکان کرد، تێیدا چەندین فەرمان بۆ جێبەجێکردن دەرکردبوو، ئەوانیش:

1- نابێت هێچ کەسێك و هیچ جۆرە خۆراك و کەرەستە و ئامێرێك بگاتە ئەو گوندانەی، لە بەر هۆکاری ئەمنی قەدەغە کراون، هەوڵبدرێت ئەو گوندانە کۆبکرێنەوە، هەموو کەسێك دەتوانێت بگەڕێتەوە ڕێزەکانی نیشتیمان [مەبەست لێی پەیوەندیکردن بوو بە دەزگاکانی حکومەتی عێراق. توێژەر]، ڕێگە نەدرێت کەسوکاریان پەیوەندییان پێوە بکەن بە ئاگاداریی دەزگا ئەمنیەکان نەبێت.

2- بەروبوومی کشتوکاڵی پێویستە پێش 15ی تەمموز دروێنە و هێنانە ناوەوەی بەروبوومی زستانە بۆ ناوچەکان تەواو ببێت، ڕێگە نەدرێت بۆ سەرەتای ئەمساڵ کشتوکاڵی هاوینە و زستانە بکرێ.

sjh@univsul.edu.iq

3- بە هیچ جۆرێك ڕێگەنەدرێت ئاژەڵ و مەڕو ماڵات ببرێت بۆ لەوەڕاندن لەو ناوچانە.

4- پێویستە هێزە چەکدارەکان بە پێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانە، هەر مرۆڤێك یان ئاژەڵێك لە ناوچە قەدەغەکراوەکان هەن بیکوژن.

هەموو ئەو کەسانەی بەر ڕاگواستن دەکەون بۆ کۆمەڵگاکان لەم بڕیارە ئاگاداردەکرێنەوە و بە تەواویی بەرپرسیارن لە هەر سەرپێچییەك. (وۆچ، 2013: 144).

دەستبەکاربوونی (عەلی حەسەن مەجید)، قۆناغێکی نوێی لە ڕاگواستن و لە ناوبردنی کورد لە باشووری کوردستان دەستپێیکرد،چونکە ناوبراو دوای ماوەیەکی کەم لە دەستبەکاربوونی بەرنامەیەکی بە ناوی (بەرنامەی سی قۆناغی پاکتاوکردن یان کۆکردنەوەی گوندەکان) دانابوو، ئەمەش بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان کە ناوچە کوردنیشینەکانی دەگرتەوە لە لایەك و لە ناوبردنی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە لایەکی ترەوە بوو، بە پێی بەرنامەکە قۆناغی یەکەم لە 21ی نیسان دەستپێیکرد هەتا20ی ئایاری 1987 بەردەوام بوو، هەرچی قۆناغی دووەم بوو لە 21ی ئایار بۆ 20ی حوزەیرانی 1987ی خایاند، لە هەردوو قۆناغەکە ناوچەیەکی بەرفراوان دووچاری وێرانکاریی و لە ناوبردن بوونەوە، بەڵام بەهۆی شەڕی (عێراق-ئێران 1980-1988)، نەتوانرا بەرنامەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت بەتایبەت قۆناغی سێیەم، ئەم قۆناغە ئامانج لێی سڕینەوەی گوندەکان و کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکان بوو لە ئۆردوگا زۆرەملیەکان و لە ناوبردنی پێشمەرگە و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردبوو، ئەم قۆناغی سێیەمە بەرنامەکەی لە ساڵی 1988 جێبەجێکرا لە ژێر ناوی (ئەنفال*)دا وەك پرۆسەیەکی سەربازیی ئامانجدار.( فەرج، 2022: 56-60).

پرۆسەی ئەنفال وەك کردەیەکی سەربازیی لە لایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقەوە لە دژی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجامدرا، پرۆسەکە بە سەر هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جیاواز، لە ماوەی حەوت مانگدا جێبەجێکرا. ئەم کردەیە بوو بە هۆی تێکدانی دیمۆگرافیای کوردستان و تێکچوونی هەموو لایەنەکانی ژیان (فەقێ، 2017: 90).

حکومەتی عێراقی لە چوارچێوەی پلانی لەناوبردنی یەکجارەکی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەدوای دانانی (عەلی حەسەن مەجید) بە سکرتێری نوسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس، پلەی فەریقی یەکەمی ڕوکن (نزار خەزرەجی) لە (١٤/ ٧/ ١٩٨٧) لە فەرماندەی فەیلەقی یەک بۆ فەرماندەی گشتی ئەرکانی سوپای عێراق بەرزکردەوە، کە پلانی سەربازیی و ستراتیژیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی عێراق لەگەڵ ئێران و هێزی پێشمەرگە و پرۆسەکانی ئەنفال دانا، دواتر و لە مانگی کانونی دووەمی(١٩٨٨) لیواڕوکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) بە هاوفەرماندەیی فەیلەقی یەک و بە فەرماندەی پرۆسەی ئەنفالی یەک دانرا. لە کاتێکدا لیواڕوکن (کامل ساجت ئەلجەنابی) بە فەرماندەی فەیلەقی یەک مابووەوە، ئەمەش لەبەرئەوە بوو هەتا لیواڕوکن (سوڵتان هاشم ئەحمەد) لە لایەکەوە دەسەڵاتی تەواوی وەکو فەرماندەیەکی فەیلەق هەبێت، لە لایەکی ترەوە سەرپەرشتیی پرۆسەی ئەنفالی یەک بکات (لوتەری، 2024: 114)، دوای ئەوەی لە بەرەکانی جەنگی (عێراق_ئێران 1980-1988) هێزەکانی سوپای عێراق سەرکەوتنی زۆریان بەدەستهێنابوو، زۆربەی هێزەکانی گەڕاندبووە بۆ هێرشکردنە سەر پێشمەرگە و داگیرکردنی ناوچەکانی کوردستان، بە جۆرێك سەرکردایەتی سوپا بڕیاری دابوو، ئەگەر هەموو سوپا لەناو بچێت پێوویستە ناوچەکان داگیربکرێت بە هەر جۆرێك بێت( قارەمانی، 2009: 310)، ئەمەش وایکرد حکومەتی عێراق گۆڕانکاریی لە هێزەکانی لە بکات لە کوردستان ژمارەیانی لە هەموو ڕوویەکەوە زیاد کردبوو، پێکهاتەی هێزەکانی حکومەتی لە ناوچەکانی کوردستان بەم جۆرە بوو:

**یەکەم-** هێزی پیادە/ ئەم هێزە پێکهاتبوون لە هێزەکانی (بەدر، قەعقاع و موعتەسەم)، 20 لیوا (60) فەوج، دەیەها فەوجی (سوك و مەفرەزە خاسە) بە هاوکاری و پاڵپشتی تەواوی سەرۆکایەتی فەیلەقەکانی (یەك و پێنج).

sjh@univsul.edu.iq

**دووەم-** هێزی توپخانە، لە چەندین کەتیبەی مەدفەعی (130ملم، 153ملم و 175ملم) و ڕاجیمە پێکهاتبوو.

**سێیەم-** هێزی (درع)، ئەم هێزە لە چەندین کەتیبەی زرێپۆش و مدرعەی (جەنگی و نەفەربەر) پێکهاتبوو.

**چوارەم-** هێزی ئاسمان، لە فرۆکەکانی (سیخۆ، مێك ، باجەر و پیلاتۆز) و کۆپتەری (جەنگی و راهەڵگر) پێکهاتبوو. (کوردستانی نوێ، 1996: 10).

بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانی پرۆسەی ئەنفال، حکومەتی عێراق لە کۆتایی مانگی دووەمی 1988دەستیکرد بە هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە سوپا، کە پێکهاتبوون لە سەرباز و جاش، بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە، بە مەبەستی هێرشکردنە سەر پێشمەرگە و ناوچەکە (ئەمین، 1999: 142)، حکومەتی عێراق لە 23ی شوباتی 1988 بە فەرمی پرۆسەی ئەنفالی دەستپێکرد، قۆناغی یەکەمی بە هێرشکردنە سەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵو و بەرگەڵو دەستپێکرد، ئامانج لەم هێرشە ئامانجێکی سیاسیی بوو،(فەقێ، 2012: 51)، چونکە بارەگای مەڵبەندی دووی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە سەرگەڵودا بوو، هەروەها بارەگای مەکتەبی سیاسیی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە بەرگەڵو بوو، وێرای ئەوەی دەزگای ڕاگەیاندن و نەخۆشخانەی شۆڕش و بارەگای سکرتێری گشتی و مەکتەبی عسکەری لە ناوچەکەدا بوو(هەڵەدنی، 2022: 11)، لە یەکەم هێرشی سوپای عێراق بۆ ناوچەکە لە شەوی 23/22ی شوباتی 1988 بە چڕی دەستیکر بە توپبارانکردن و کیمیا بارانکردنی ناوچەکانی (سەرگەڵو و بەرگەڵو و یاخسەمەر) (شۆڕش حاجی، خەرمانی درەو: 2025)، هەروەها لە 23ی هەمان مانگدا پەلاماری چەندین گوند و شارەدێ و شارۆچکەی دا، هێرشەکە بە پێی پلانێکی سەربازی ورد ئەنجام درا، کە لە (نۆ) قۆڵی جیاوازەوە بوو، ئەوانیش:

**قۆڵی یەکەم-** لە ڕێگای سەرەکی کارێزە بەرەو گوندی گاپیلۆن.

**قۆڵی دووەم-** لە دۆڵی ڕووتەوە بەرە و قزلەر.

**قۆڵی سێیەم-** لە سەر ڕێگای سورداشەوە بەرە و زێوێ.

**قۆڵی چوارەم-** لە سەر ڕێگای سورداشەوە بۆ قۆڵی پۆشین _ قوڵە سەوز _ کلکەی سپیلك، لەوێشەوە بەرە وگوندی شەدەڵە.

**قۆڵی پێنجەم-** لە سەر ڕێگای دوکانەوە بۆ سورداشەی کۆن _ هۆمەر _ قەوم _ شەدەڵە _ شاخی دابان.

**قۆڵی شەشەم-** لە سەر ڕێگای دوکانەوە بەرە و گوندی قەمچوغە _ سەرمۆرد.

**قۆڵی حەوتەم-** لە قەرەسرتەو بەرەو قەڵەم پاشا _ کلاوسپی.

**قۆڵی هەشتەم-** لە سەر ڕێگای بنگردەوە بەرەو قەرەهەنجیر _شارستێن_سێدەر_ دۆڵەبی_ هەوارە بەرزە.

**قۆڵی نۆیەم-** لە بنگردەوە و بەرەوە و ئاوەژێ _ چنارنە_سیروان. (محمد، 2017: 68؛ کوردستانی نوێ، 1993: 3).

حکومەتی عێراق توانی لەم قۆناغەدا بەشێکی زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە وێران بکات و دەستی بەسەر ناوچەکەدا بگرێت، ئەمەو وێرای ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە ئەنفالکران و دەربەدەر بوون، لە 19ی ئازاری 1988 کۆتایی بەم قۆناغە هێنرا (ساڵح، 2015: 53).

## باسی دووەم: ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی لە قۆناغی ئەنفالی یەکدا.

بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال، سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە ڕێگای ڕێکخستنەکانیەوە زانیارییان لە سەر پەلاماردانی ناوچەکە هەبوو، لە 13ی شوباتی 1988 لە هەموو مەڵبەند و تیپەکان دەستکرابوو بە کۆکردنەوەی هێزەکانیان و خۆ ئامادەکردن ڕویشتن بۆ ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی، بەمەبەستی پاراستنی بارەگاکانی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) (سەنگاویی، 2004: 292؛ کوردستانی نوێ، 1996: 10)، ئەمەش دوای ئەوەی لە ڕادێوی دەنگی گەلی کوردستانەوە بانگەوازکرابوو، تەواوی هێزی پێشمەرگە بە زووترین کات بگەن بە شوێنی دیاریکراوە، ئەم بانگەوازە لە ڕێگای کۆدی تایبەتەوە بوو، کە پێشمەرگەکان لێی تێدەگەیشتن، ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکان بە دەم بانگەوازەکەوە بچن و بگەنە شوێنی مەبەست، کە بارەگاکانی سەرکردایەتی بوون لە دۆڵی جافایەتی. (کۆڵەجۆیی، 2022: 135)، هەرچەندە پێشمەرگەکان زانیارییان لەسەر پرۆسەی ئەنفال نەبوو. لەم لەم بارەیەوە مامۆستا عەلی پەرلەمان دەڵێت:" ئیمە لە خوارەوە بووین لە ناوچەکانی خۆمان، هیچ زانیارییەك لە بارەی ئەنفالەوە لە سەرەوە بۆ ئیمە نەهاتبووە خوارەوە، لە سەرچاوەکانی ناو شارەوە هەواڵمان بۆ دەهات، کە (عەلی کیماویی) لە کۆبوونەوەی لەگەڵ مستەشارەکاندا هەڕەشەی پەلاماردانی دێهاتەکانی کردبوو. سەرکردایەتی وایدەزانی هێرشی فراوان دەکریت و چەند ڕۆژێك دەخایەنێ و تەواو دەبێ وەك جارەکانی تر دوژمن دەگەڕێتەوە"(نامەی مامۆستا عەلی بۆ توێژەر، 3ی ئازاری 2025). لەلایەکی ترەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"لە پێش دەستپێکردنی هێرشەکە، لە سەرچاوە تایبەتییەکانی خۆمانەوە هەواڵمان پێگەیشت بوو، کە عیراق لە ڕێگای ئاگاداری ئیستیخباراتی خۆیەوە دڵنیا بووە لەوەی ئێران توانای هێرشی گەورەی نەماوە و نیازی هیچ هێرشێکی گەورەی نیە. بۆیە دەتوانن بێ ترس بەشێکی هێزەکانیان لە جەبهەکانی عێراق – ئێران بکێشنەوە و پەلاماری بارەگاکانی سەرکردایەتی ی ن ك بدەن. هەندێ لەو بروسکانەی پێمان دەگەیشتن ڕاستەوخۆ لە (دیوان الرئاسة)ەوە دەنێردران بۆ سەرکردایەتی هێزەکانی جەیش. بۆ پەکخستنی هێرشەکانی عێراق زنجیرەیەك چالاکی پێشمەرگەیی لە سەر جادە گشتیەکان ئەنجامدرا" (ئەمین، 1999: 142). ئەمەش وایکردبوو بۆ پەلاماردانی ناوچەکە و جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کەرتە سەربازییەکانی لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا بەکاربهێنێت، بە جۆرێك ژمارەیەکی زۆر لە توانای مرۆیی و لۆجیستییەکانی خستە حاڵەتی ئامادە باشییەوە، کەرتە سەربازییەکانی فەیلەقەکانی سوپا، بە ڕێژەی جیا جیا بەشدار بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە:

**یەکەم:** فەیلەقی یەك، سەرجەم کەرتە سەربازییەکان بەشداربوون، ئەوانیش تیپی پیادەی (32)ی هێزی (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)، لە لیواکانی (18، 130 و 447) پیادەو یەکەی تەنك و زرێپۆش و فەوجێکی مەغاویر پێکهاتبوو، هەروەها تیپی پێنجی ئامێرەکان (هێزی محەمەد قاسم) کە لە هەشت لیوا بوون، لە لیواکانی (2، 15، 16، 17، 18، 19، 20 و 21) پێکهاتبوو، تیپی پیادەی دوو ( هێزی خالیدی کوڕی وەلید)، کە لە لیواکانی (4 و 36) پێکهاتبوون، هێزی بەدر (مەغاویر)، تیپی پیادەی چوار (هێزی قەعقاع)، تیپی ی33 و هێزی موعتەسەم بوون. هەروەها هێزی سەربازگەکانی تری سنووری پرۆسەکە، لەوانە ئەزمەڕ، سوسێ و دوکان، فەیلەقی پێنج لە دوای فەیلەقی یەك ڕۆڵی زۆری هەبوو، بەشیك لە پێکهاتەی فەیلەقی پێنج بەشداربووون ئەوانیش فیرقەکانی (24، 26 و تیپی گەڕۆکی مەرگە) و هەروەها تیپی 33 بە فەرماندەیی (لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی) لەگەڵ چەندین هێزی پیادە و مەغاویریی و هێزی سەربازگەی بنگرد.

**دووەم:** بەشێکی تر لە هێزەکانی فەیلەقەکانی (2، 3، 4 ، 6 و 7) بە (20) لیوای پیادە بەشداربوون، هەروەها لیوای مغاویریی لە فەیلەقی (2)، لیوای دوو مەغاویر لە فەیلەقی چوار، فەوجی مغاویریی فەیلەقەکانی (4 و 5) لیوای یەکی مغاویر لە فەیلەقی شەش و سێ فەوج لە لیوای (72)ی مغاویر. (فەرەج، 2022: 94؛ حاجی، 2018: 195).

sjh@univsul.edu.iq

**سێیەم:** لیواکانی (65 و66)ی هێی تایبەت لە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق.

**چوارەم:** سێ لیوای گاردی کۆماریی.

**پێنجەم:** مەفرەزە تایبەتەکانی (مفارز خاصة)کانی(29، 68، 87 و119) سەر بە بەڕێوابەریەتی ئەمنی سلێمانی.(محەممەد، 2013: 28-31؛ فەرەج، 2022: 94).

**شەشەم:** کەرتە سەربازییەکانی تری وەك کەرتی بەشی کیمیاویی، هێزی ئاسمانی، فرۆکەوانی سوپا، بەشی ئەندازەی تایبەت بە رووخانی گوند، یەکەی ئەندازەی جەنگی تایبەت بە دروستکردن و کردنەوەی ڕێگاوبانی چیایی و یەکەی هەواڵگری سەربازیی.

**حەوتەم:** فەوجەکانی فەرماندەیی میللی بەرگری نیشتمانی یەك .( فەرەج، 2022: 95).

**هەشتەم:** فەوجە سووکەکانی (2، 5، 23، 30، 36، 37، 51، 81، 96، 106) (سەرکانی، 2009: 35)، ئەم هێزانە بە (جاش) ناسراو بون، بووبوون بە چاوساغی هێزەکانی سوپای عێراق، لە پاڵ سوپای عێراقدا پلانەکەیان جێبەجێ دەکرد، ئەمانەش زیانێکی زۆریان بە هێڵەکانی بەرگری پێشمەرگە دا، چونکە شارەزای جۆگرافیایی ناوچەکە بوون.(چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل شکور، 2023). ئەم هێزانە بە پاڵپشتی ژمارەیەکی زۆر لە تانك و زرێپۆش و سەدان تۆپی قورسی 130ملم و 152ملم و کاتیوشای 122ملم و ژمارەیەك لە فڕۆکەی جەنگی هێرشیان کردە سەر ناوچەکە (ڕێبازی نوی، 1988: 17)، تەواوی هێزەکانی سوپای عێراق ڕاستەوخۆ لە لایەن (سەدام حسێن) سەرپەرشتی دەکرا، (محەمەدئەمین، 2014: 300).

بەمەبەستی بەریگریکردن لە خەڵکی ناوچەکە و بارەگاکانی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) زۆرینەی پێشمەرگەکانی تیپەکان لە سەرجەم مەڵبەندەکان کۆکرانەوە، کە ژمارەیان نزیکەی (2500) پێشمەرگە بوو، پێشمەرگەکانیش لە لایەن (نەوشیروان مستەفا ئەمین) سەرکردایەتی دەکرا، چونکە لەو کاتەدا (جەلال تاڵەبانی) سکرتێری گشتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە دەرەوەی وڵات بوو (کوردستانی نوێ،2005: 7؛ ئەمین، 1999: 143)، تیپە بەشداربووەکانی مەڵبەندی یەك پێکهاتبوون لە (17ی زمناکۆ، 23، تیپی 19، ی سورێن، 21ی کەرکووك، 51ی گەرمیان، 53ی شێروانە، 55ی قەرەداغ، 57 سەگرمە، 59ی حەمرین، 39ی خەنجەرە و تیپی مەڵبەند) ، هەرچی مەڵبەندی دوو بوو بە تیپەکانی ( 23ی سورداش، 25ی خەڵخاڵان، 43ی ئاسۆس، 44ی چەکوچ، 47ی پیرە مەگرون، 49ی سارا، 61ی کۆرەش، 63ی جوتیاران، 31ی بەرزنجە، 27ی توکمە، تیپی پارێزگار و تیپی مەڵبەند)، تیپەکانی مەڵبەندی سێ پێکهاتبوون لە (12ی سۆران، 86ی دەشتی هەولێر، 93ی کۆیە، 87ی قەرەچوغ، 90ی باواجی، 78ی کاروخ، 999ی بتوێن و 68ی مامەندە) (چاوپێکەوتن لەگەڵ شەماڵ کابان، 2025، سلێمانی؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل شکور، 2023؛ فەرەج،22، ل96) )، وێرای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هێزی (پشتگیریی)ناوچەکان بەشداربوون (ڕێبازی نوێ، 1988: 7؛ نامەی مامۆستا عەلی بۆ توێژەر، 3ی ئازاری 2025)، بە پێی پلانێك پێشمەرگەکان بە سەر چەندین قۆڵدا دابەشکران، ئەوانیش:

1- ناوچەکانی بیروکە و دوڵە ڕووت لە لایەن تیپەکانی 51ی گەرمیان و 47ی پیرەمەگرون بەرگری لێدەکرا.
2- بەشێکی بیروکە و ناوچەکانی نزیکی لە لایەن تیپی 53ی شیروانە بەرگری لێدەکرا.
3- شاخی تەڵاش و کونەکۆتر لەلایەن تیپەکانی 55ی قەرەداغ و تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەکەوە بەرگری لێدەکرا.
4- زنجیرە شاخی (شانە سوور) لە لایەن تیپی 39ی خەنجەرە و کەرتێکی تیپی 53ی شێروانەوە بەرگری لێدەکرا.
5- شاخی بیربایز لەلایەن تیپەکانی مەڵبەندی (3)ەوە بەرگری لێدەکرا.
6- ناوچەکانی شەدەڵە و دابان و قەمچوغە (ناوچەی سورداش) لەلایەن بەشێك لە تیپەکانی مەڵبەندەکانی(دوو، سێ) بەرگری لێدەکرا.

7- ناوچەکانی شارستێن، هەوارە بەرزە و مەرگە لایەن بەشێك لە تیپەکانی مەڵبەندەکانی (دوو، سێ) بەرگری لێدەکرا.


8- ناوچەکانی دوکان بۆ دوڵ هازەڵە و قەڵەم پاشا و کڵاو سپی بۆ بناری کونە ورچ لەلایەن تیپیەکانی 17ی زمناکۆ، 57ی سەگرمە و 49ی ساراوە بەرگری لێدەکرا. (محمود، 1995، ل117).

9- سەرجادەی بنگرد لە گوندی (کوێرەکانی) بۆ گوندەکانی (سێدەر – دۆڵەبی) بۆ شاخەکانی بەرانبەر (سەرگەڵوو بەرگەڵوو)، لە لایەن بەشێك لە تیپەکانی (12ی سۆران، 43ی ئاسۆس، 63ی جوتیاران، 21ی کەرکووك ، 19 و 25ی خاڵخاڵان) بەگری لێدەرکرا.

10- سەرجادەی بنگرد لە گوندی (هەنجیرە) وە بۆ گوندی (شارستێن) بۆ هەوارە بەرزە لە لایەن بەشێك لە تیپەکانی (12ی سۆران، 43ی ئاسۆس، 63ی جوتیاران، 21ی کەرکووك و 25ی خاڵخاڵان) بەرگری لێدەرکرا.

11- شارۆچکەی بنگرد بۆ گوندەکانی (مەرگە، ئاوژێ، چنارنە، سیروان و کانی توو) لە لایەن بەشێك لە تیپەکانی (12ی سۆران، 43ی ئاسۆس، 63ی جوتیاران، 21ی کەرکووك و 25ی خاڵخاڵان) بەگری لێدەرکرا. (کوردستانی نوێ، 1996: 10). لەگەڵ ئەمانەشدا سەرکردایەتی هێلی کشانەوەی ئامادەکردبوو، لە ڕیگای پاککردنەوەی ڕیگاکە لە بەفر و بەستەڵك، بۆ ئەم مەبەستە چەندین کرێکاری ڕۆژانە بە کرێ گرتبوو (هەڵەدنی، 2023: 232؛ کوردستانی نوێ، 1996: 10).

**نەخشەی ژمارە (3)، نەخشەی ئاراستەکانی هێرشکردن و بەرگریکردن و ناوچەکانی کشانەوە.**



هێزەکانی حکومەتی عێراق لە کۆتاییەکانی شوباتی 1988 بەچڕی لە ڕێگای هێرشی زەمینی و ئاسمانی هێرشەکانی بۆ ناچەکە بەگشتی ناوچەی (مەرگە) بە تایبەتی دەستپێکرد بە جۆرێك ناوچەکەی بە هێزێکی زۆری سەربازیی لە ناوچەکانی تر جیاکردەوە، چونکە چەندین بەرزایی گرنگی لە خۆگرتبوو، کە لە ڕووی سەربازییەوە گرنگ بوو لەوانە (گەورەقەڵا، کۆزەروتان، بێدەڵان، داری زەکەریا، کڵاوسپی، دەوڵەتیار، سماقە، بەردە قڵیش، چیای ئاسۆس، دارەبەنان) و گوندەکانی (هەنجیرە، شارستێن، سێدەر، دۆڵەبی، هەوراە بەرزە، ئاوەژێ، چنارنە، سێروان، گۆمەزەڵ، یاخیان، مەلا سەفی، هەڵۆنە، کانی توو، لۆتەر و بیوکە)، ئامانجی سەرەکی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و گەمارۆدانی بارەگاکانی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) بوو( ئەسەسەرد، 2016: 45-452؛ فەرەج، 2016: 115؛ کوردستانی نوێ، 1993: 3).

لە کاتژمێر (2)ی شەوی 26/25ی شوباتدا هێزەکانی سوپای عێراق لە سەربازگەکانی (کارێزە و سوسێ) دەستیان بە تۆپبارانکردن و کیمیابارانکردنی گوندەکانی (یاخسەمەر، هەڵەدن، سەرگەڵوو گوێزیلە)ی دۆڵی جافایەتی کرد، کە بووە هۆی ژەهراویبوونی (200) کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە و پێشمەرگە، (12) هاوڵاتی ناوچەکە بەو هۆیەوە گیانیان لە دەستدا، دوای ئەم هێرشە، هێزەکانی سوپا هێرشێکی بەربڵاویان لە ڕێگای تۆپ و تانك و زرێپۆش و بە پاڵپشتی هێلیکۆپتەر کردە سەر بە شێك لە هێڵەکانی بەرگری، ئەوانیش بریتی بوون لە :

**یەکەم:** هێڵی بەرگری ئاسۆس، مەرگە، مەلا سەفی، بێدەڵان، گەورە قەڵا، کۆرە ڕووتاڵ.

**دووەم:** هێڵی بەرگری قەرەسەرد، شارستێن، دۆڵ مازەڵە و قەڵەم پاشا.

**سێیەم:** هێڵی بەرگری گێچینە، سورداش و هۆمەرقەوم.

**چوارەم:** هێڵی بەرگری پیر مەگرون و قوڵە پۆشینە.

**پێنجەم:** هێڵی بەرگری دۆڵە ڕووت، هەنارانی خواروو، پیرکە.

**شەشەم:** هێڵی بەرگری کۆجار و گەڕەدێ.

لە سەرجەم هێڵەکان پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوە، توانیان شکست بە هێرشەکان بهێنن، لە ئەنجامدا لە سەرجەم هێڵەکانی بەرگری (6) پێشمەرگە کوژران. (بەڵگەنامەی ژمارە 2).

لە 26ی شوباتدا، هێزەکانی سوپای عێراق لە (12) قوڵەوە هێرشێکی فراوانیان کردە سەر دۆڵی جافایەتی، لە سەرجەم قوڵەکانەوە پیشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوە ( ئەسەسەرد، 2021، 797)، ، یەکەم هێرشیان لە کاتژمێر (7)ی سەر لە بەیانیدا لە ( قوڵی هەنجیرە و قەرە سەر ) بە پاڵپشتی ژمارەیەك تانك و زرێپۆش و تۆپی دوور هاوێژ هێرشێکی چڕیانکردە سەر ناوچەکانی سێدەر و شارستێن، پێشمەرگەکانی تیپیەکانی ( 43، 78 و 21) و هێزی پشتگیریی ڕووبەڕوویان بوونەوە، توانیان شکست بە هێرشەکە بهێنن، دوای یەك کاتژمێر لەم هێرشە، هێزەکانی سوپای عێراق هێرشیان کردە سەر گوندی(هەناری سەروو) لە دۆڵە ڕووت، لە لایەن پێشمەرگەکانی تیپەکانی (47ی پیرەمەگرون و 51ی گەرمیان) بەرپەرچدرانەوە توانییان بەر بە هێرشەکە بگرن، ئەمەش وایکرد هێرشەکانی سوپا بۆ سەر ناوچەکە بەردەوام بن لە کاتژمێر (9:30) خولەکی سەرلەبەیانی لە لە گوندەکانی (مەلا سەفی و پاشکێش) ژمارەیەك هێرشی کرد سەر ناوچەکە، لە لایەن پێشمەرگەکانی تیپیەکانی (12، 99 و 68) و هێزێکی پشتگیریی ڕووبەڕوویان بوونەوە توانییان هێرشەکان بشکێنن، لە لایەکی ترەوە لە هەمان کاتدا هێزەکانی سوپا هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ( گەورە قەڵا، کۆچەروتان و بێ دەلان)، لە لایەن پێشمەرگەکانی تیپەکانی (43، 63 و 12) و کەرتێکی تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو، مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی و هەرێمی 6ی حزبی سۆسیالست و مەفرەزەیەکی لێژنەی ناوچەی (پ.د.ك) ی (دوکان) ڕووبەڕوویان بوونەوە، هێزەکانی سوپا توانییان گوندی ( گەورە قەڵا) بگرن، بەڵام لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا پێشمەرگەکان توانییان دەست بە سەر گوندی ( گەورە قەڵا) (ڕیباز، 1988: 7)، لە کاتژمێر (4:15) خولەکی ئێوارەی هەمان ڕۆژ ژمارەیەك فرۆکەی جەنگی لە جۆری (سیخۆ) بە چڕی تۆپبارانی گوندەکانی ( مەرگە، هەڵۆنە، نۆڵچکە، کانی شینکە، ئاوەژێ، چنارنە، خوڕخورە، یاخیان، کانی توو، دۆڵەبی، یاخسەمەر، چاڵاوا و هەڵەدن)، بەم هۆیەوە (9) هاوڵاتی و (3) پێشمەرگە کوژران. (ئەسەسەرد، 2021: 798).

هێرشەکانی سوپا بۆ ناوچەکە لە نێوان مانگەکانی شوبات و ئازاردا بەردەوام هەبوو، سوپا و جاش، بە پاڵپشتی تانك و زرێپۆش و فڕۆکە بە بەردەوام لە چەند قوڵ و بەرەیەکەوە هێرشەکانیان ئەنجام دەدا، لە 27ی شوباتدا هێرشیان کردە سەر ( چیای کونە کۆتر و دۆڵ مازەن ، قەڵەم پاشا، دۆڵی جافایەتی، سورداش، مەرگە و زنجیرە چیاکانی ئاسۆس)، دوای ڕۆژێك لە

28ی مانگدا بە پێی پلانێك هێرشێکی چڕیان کردە سەر ناوچەکانی (چیای پیرکە و کونەکۆتر، گەورە قەڵا، مەلاسەفی، پاشکێش، دۆڵە مازەڵە، چیای ئاسۆس، پیرەمەگرون، گەرەدێ، دابان و قەمچوغەە) و لە سەرەتا ئازار بۆ 18ی مانگ هێرشەکانی سوپا بۆ سەر ناوچەکە بەردەوامی هەبوو (ئەسەسەرد، 2021: 798-704)، بە درێژای هێرشەکان پێشمەرگە بەرگری لە ناوچەکە دەکرد بە شێوەیەك شەڕکردن بۆ ماوە (25) ڕۆژ بەردەوام بوو، لە کۆتایی شوباتی 1988 بۆ 18 ئازاری 1988 توانییان بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگری لە ناوچەکە بکەن شکست بە هێرشەکانی سوپای عێراق بهێنن (ڕێبازی نوێ، 1988: 7-11)، هەرچەندە هێزەکانی سوپای عێراق تووشی زیانێکی مادیی و مرۆیی زۆر هات، بە پێی بڵاوکراوەکانی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لەو کاتەدا زیانەکانی هێزەکانی حکومەت زیانەکان بەم شێوەیە بوو:

| ژمارەی کوژراو | ژمارەی بریندار | ژمارەی دیل | دەستکەوت |
|---|---|---|---|
| 800 سەرباز و جاش | 10000کەس | 150 سەرباز و جاش | سەدان پارچە چەك |

وێرای پێکرانی دوو هەلیکۆپتەر و تێکشکاندنی چەندین تانك و زرێپۆش (دەنگی گەلی کوردستان، 1988؛ ڕێبازی نوێ، 1988: 7-11)، بەڵام بە هۆی جیاوازی زۆر لە ژمارەی هێزەکانی سوپای عێراق بەراورد بە ژمارەی پێشمەرگە و جۆری چەکەکان حکومەتی عێراق توانی دەستبەسەر ناوچەکەدا بگرێت، لەم بارەیەوە سەفین عومەر عەبدوڵلا دەڵێت:" لە کاتی ئەنفالی یەکدا چەکەکانی ئێمە چەکی زۆر باش نەبوون، تەنها جۆرە چەکێك نەبێ بە ناوی (مالوتکا**) کە لەلایەن ئێرانەوە درابوو بە پێشمەرگە، چونکە پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال (خولێك***)ی تایبەت بەم چەکە بۆ ژمارەیەك پێشمەرگە کرابوونەوە، (کاك کۆسرەت) داوایکرد بەکاریبهێنین، بەڵام ڕێگەیان نەدا بەکاری بهێنن، چونکە پاترییەکانی لە لایەن پاسدارەکانی ئێرانەوە دەرکرابوو" (چاوپێکەوتن، 2024). لە پێناو پاراستنی خەڵکی و ناوچەکە و پێشمەرگەکان، سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە 19ی ئازاری 1988 بڕیاری کشانەوەی پێشمەرگە و ڕزگارکردنی خەڵکەکەی دا، بۆ ئەم مەبەستە پلانێکی تایبەتی دانا، بە پێی پلانەکە لە چوار قۆڵەوە کشانەوەکە ئەنجامدرا، ئەوانیش:

**قۆڵی یەکەم:** بە سەرپەرشتی (مولازم عومەر عەبدوڵلا) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی(یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) و لێپرسراوی دەزگای پێشمەرگایەتی لە گوندی (چاڵاو خەرتیز) بۆ ناوچەی (سێرەمێگ )

**قۆڵی دووەم:** بە سەرپەرشتی (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی (3)ی هەولێر، لە دۆڵی (کەرکەر) و گوندی (گۆمەزەل)بۆ ناوچەی (سێرەمێگ ).

**قۆڵی سێیەم:** بە سەرپەرشتی (عەلی بچکول) لێپرسراوی عەسکەری مەڵبەندی کەرکوك، لە خورخور و یاخیان بۆ گۆمەزەل و سێرەمێگ، ئەمەش دوای گرتنی ناوچەکە لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراق.

**قۆڵی چوارەم:** کشانەوەی پۆلێك پێشمەرگە بە سەرپەرشتی (جەبار فەرمان) ئەندامی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، لە 19ی ئازار لە ناوچەکەوە بۆ (سێرەمێرگ). (کوردستانی نوێ، 2001: 6؛ پانکەیی، 2013: 314-315).

دوای گەیشتنی هێزەکان بە (سێرەمێگ) لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەکان بەرەو سنوری ئێران ڕۆیشتن، ئەمەش دوای پاککردنەوەی ڕێگاکە لە بەفر، توانییان بگەن بە شوێنی مەبەست، بە بێ ئەوەی هێزەکانی سوپای عێراق درکی پێبکات، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە ڕزگارکران (کوردستانی نوێ، 1996 :10-11). لە 19ی ئازاری 1988 سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە ڕێگای دەرکردنی بەیاننامەیەکەوە کشانەوەی پێشمەرگەو چۆڵکردنی ناوچەکەی ڕاگەیاند(بەڵگەنامەی ژمارە3)، دوای ڕۆژێك لە 20ی مانگدا سوپای عێراق گرتنی ناوچەکەی ڕاگەیاند و دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت( الثورة، 1988: 1؛ هاوکاری، 1988: 3). بەهۆی هێرشەکانی سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالی یەکدا،

(476) کەس بە بێ ڕەچاوی تەمەن و ڕەگەز کوژران (لوتەری، 2024: 262-287)، وێڕای ئەوەی لە پێناو پاراستنی خەڵکی ناوچەکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەکانی هێزی پێشمەرگە بەرانبەر هێرشەکانی سوپای عێراق و چالاکییەکانیان لە دژی سوپا لە پرۆسەی ئەنفالی قۆناغی یەکدا، (72) پێشمەرگە (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) کوژران، ئەوانیش بریتی بوون لە:

| ژ | ناوی پێشمەرگە | پلەی پێشمەرگایەتی | شوێنی کوژرانی |
|---|---|---|---|
| 1 | محەممەد ڕازانی (محەممەدە سور) | فەرماندەی تیپی 63 | شەدەڵە |
| 2 | ئیسماعیل تەها ئەمین (شێخ ئیسماعیل) | فەرماندەی کەرتی تیپی 78 | گەڕەدێ |
| 3 | نامق عەلی | فەرماندەی کەرتی تیپی17 | قەڵەم پاشا |
| 4 | دلێرە سوور | فەرماندەی کەرتی 3ی تیپی 25 | گەڕەدێ |
| 5 | میکایل | فەرماندەی کەرتی1 تیپی 85 | گەڕەدێ |
| 6 | جکمەت محەممەد وەهاب | فەرماندەی کەرتی 5ی تیپی 59 | کونە کۆتر |
| 7 | عەبدوڵڵا ئیسماعیل | فەرماندەی کەرتی تیپی 78 | قەڵەم پاشا |
| 8 | عەبدولڕەحمان ڕەشید | جێگری فەرماندەی کەرتی5ی تیپی 59 | قۆڵە پۆشین |
| 9 | هەژار ساڵح عسکەر | جێگری فەرماندەی کەرتی تیپ تیپی 59 | قۆڵە پۆشین |
| 10 | عەبدوڵڵا محەممەد حەسەن | جێگری فەرماندەی کەرتی 2 تیپی 29 | شارستێن |
| 11 | ئەرسەلان فائق محەمەد | جێگری فەرماندەی کەرتی تیپی 39 | شاخی پیرکە |
| 12 | مەجید محەمەد عەلی | جێگری فەرماندەی کەرتی 3 تیپی 21 | تۆکەل |
| 13 | ئەحمەد عەبدولڕەحمان | جێگری فەرماندەی کەرتی 4 تیپی 53 | کونە کوتر |
| 14 | کامەران عەباس ئسماعیل | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی 19 | پیرکە |
| 15 | مام برایم کەریم فەتاح | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی 53 | تۆکەل |
| 16 | مەلا عەلی | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی 31 | دۆڵە ڕووت |
| 17 | فارس عەزیز | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی 25 | شەدەڵە |
| 18 | سیروان حەمە فەرەج | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی مەڵبەندی دوو | قەمچوغە |
| 19 | محەمەد فاتیح (حەمە بیکەیسی) | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی 57 | شەدەڵە |
| 20 | کامەران | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی 85 | گەڕەدێ |
| 21 | ئیسماعیل عەسکەریی | فەرماندەی مەفرەزەی تیپی 87 | هەوارە بەرزە |
| 22 | مامۆستا موحسن | ڕابەری سیاسی تیپی 25 | شەدەڵە. |
| 23 | مامۆستا زانا | لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە/ تیپی 83 | شارستێن |
| 24 | محەمەد ڕەسوڵ (مامۆستا محەمەد) | ریکخەری تیپ/ تیپی 93 | مەلا سۆفی |
| 25 | یاسین | ڕێکخەری کەرتی 2ی تیپی 25 | خۆڕحۆڕە |
| 26 | محەمەد مستەفا ڕەسوڵ | پێشمەرگەی کەرتی 3ی تیپی 43 | تۆکەل |
| 27 | سەلام حمەئەمین | پێشمەرگەی کەرتی 1ی تیپی 17 | قەڵەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 28 | حەسەن عەبدوڵڵا میرزا | پێشمەرگەی کەرتی 2ی تیپی 59 | کونەکۆتر |
| 29 | شوان | پێشمەرگەی کەرتی 3ی تیپی 25 | کونەکۆتر |
| 30 | عەبدولڕەحمان | پێشمەرگەی کەرتی تیپی 99 | شەدەڵە |
| 31 | خەلیل ئیبراهیم محەمەد | پێشمەرگەی کەرتی4ی تیپی 59 | کونەکۆتر |
| 32 | محەمەد قاسم | پێشمەرگەی کەرتی تیپ/ تیپی تایبەتی مەڵبەندی 1 | کونەکۆتر |
| 33 | جەلال عەرەب | پیشمەرگەی تیپی 39 | کونە کۆتر |
| 34 | حسێن عەزیز قادر | پێشمەرگەی تیپی 53 | کونەکۆتر |
| 35 | حمەئەمین محەمەد موراد | پێشمەرگەی کەرتی4 تیپی 53 | کونە کۆتر |
| 36 | جەبار توفیق عەزیز | پێشمەرگەی کەرتی 3ی تیپی 47 | پیرکە |
| 37 | ئیدریس سەعید ئەمین | پێشمەرگەی کەرتی 4ی تیپی 25 | توکەل |
| 38 | عوسمان ئەحمەد (شەماڵ) | پێشمەرگەی تیپی 63 | دابان |
| 39 | عوسمان عەبدولڕەحمان | پێشمەرگەی تیپی 57 | قەڵەم پاشا |
| 40 | سامان حەسەن مەحموود | پێشمەرگەی کەرت 5ی تیپی 53 | قەڵەم پاشا |
| 41 | هەژار جەلال شێرە | پێشمەرگەی کەرتی 3ی تیپی 53 | گەڕەدێ |
| 42 | حەمە عەبدوڵڵا حەمد (حەمە سوور) | پێشمەرگەی تیپی 87 | تۆکل |
| 43 | بەهرۆز کاکل (ئارام) | پێشمەرگەی تیپی 21 | خورخۆرە |
| 44 | عەبدولمتەلب ئەسعد | پێشمەرگەی تیپی 19 | شارستێن |
| 45 | دارا محەمەد شەفیق | پێشمەرگەی کەرتی 1ی تیپی 87 | شارستێن |
| 46 | تالب مەجید | پێشمەرگەی تیپی 25 | شارستێن |
| 47 | مغدید سەمەد | پێشمەرگەی تیبی تایبەتی مەڵبەندی 3 | شارستێن |
| 48 | ئەحمەد | پێشمەرگەی کەرتی 1ی تیپی 51 | قەمچۆغ |
| 49 | نازم حەمید مەجید | پێشمەرگەی تیپی 51 | دوکان |
| 50 | هەڵمەت | پێشمەرگەی تیپی 99 | مەرگە |
| 51 | هەمزە | پێشمەرگەی تیپی 99 | مەرگە |
| 52 | سەعید کادر | پێشمەرگەی تیپی 12 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 53 | سعدالدین (ڕێباز) | پێشمەرگەی تیپی 12 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 54 | محەمەد حسێن | پێشمەرگەی تیپی 12 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 55 | ئازاد مغدید | پێشمەرگەی تیپی 12 | هەوارە بەرزە _ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | یاخییان |
| 56 | سەعید ئیسماعیل (کۆچەر) | پێشمەرگەی تیپی 12 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 57 | تەلعەت (شاخەوان) | پێشمەرگەی تیپی 12 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 58 | عوسمان حەمە ئەمین | پێشمەرگەی تیپی 19 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 59 | رشاد | پێشمەرگەی تیپی 19 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 60 | مەهداوی | پێشمەرگەی تیپی 19 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 61 | ڕێباز | پێشمەرگەی تیپی 78 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 62 | هۆمەر سوور | پێشمەرگەی تیپی 78 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 63 | ڕەوەند | پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی 3 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 64 | خالد تاڵێنەیی | پێشمەرگەی تیپی 12 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 65 | دارا محەمەد شەفیق (شێخ دارا) | پێشمەرگەی تیپی 87 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 66 | کەریم | پێشمەرگەی 87 | هەوارە بەرزە _ یاخییان |
| 67 | بەختیار ئیبراهیم ئیسماعیل | پێشمەرگەی پشتگیریی | زێوێ |
| 68 | مەحموود حەمە ئەمین | پێشمەرگەی پشتگیریی | سەرمۆرد |
| 69 | عەتا عەبدولکەریم | پێشمەرگەی کەرتی 4ی تیپی 51 | دۆڵە ڕووت |
| 70 | تەیب فاتیح (ئاسۆ) | پێشمەرگەی کەرتی 3ی تیپی 51 | دۆڵە ڕووت |
| 71 | فەتحوڵڵا مەجید ئەحمەد | فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی 5ی تیپی 51 | دۆڵە ڕووت (ڕێبازی نوێ: 17-18) |

**ئەنجام:**

**یەکەم:** زیادبوونی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە لە دژی حکومەتی عێراق، لە ساڵی 1987 ئازادکردنی ژمارەیەك لە شارۆچکە و شارەدێ و ناوچەیەکی بەرفراوان لەلایەك، لەلایەکی ترەوە سەرکەوتنی هێزەکانی سوپای عێراق لە بەرەکانی جەنگی (عێراق_ ئێران)، هۆکاربوو بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکە و پێشمەرگە.

**دووەم:** لە پێناو هێرشکردنە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) و لە باربردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، حکومەتی عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە گۆڕانکاری لە هێزەکانیدا کرد ، وێرای ئەوەی هێزەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن (سەدام حسێن) سەرکردایەتی دەکران، لە پێناو گرتنی ناوچەکە و لە ناوبردنی پیشمەرگە بوو.

**سێیەم:** لە پێناو پاراستنی خەڵکی و ناوچەکە و بارەگاکانی سەرکردایەتی، سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) زۆرینەی پێشمەرگەکان بانگهێشتی دۆڵی جافایەتی کرد، بە پێی پلانێکی سەربازیی دابەشکران بۆ چەند قوڵێك، هەرچەندە توانییان بۆ ماوەی (25) ڕۆژ بەرگری لە ناوچەکە بکەن، توانییان ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی سوپا بکوژن، بەڵام بەهۆی جیاوازی لە ژمارەی سەرباز و جۆری چەك لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە، دوای کشانەوەی پێشمەرگە لە ناوچەکە لە 19ی ئازاری 1988 سوپای عێراق ناوچەکەی داگیرکرد.

**چوارەم:** بە هۆی هێرشە بەردەوامیەکانی سوپای عێراق بە کارهێنانی چەکی کیمیایی (470) کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە بە بێ ڕەچاوکردنی تەمەن و ڕەگەز کوژرا، وێرای ئەوەی (72) پێشمەرگە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکانیان لە دژی هێرشەکانی سوپای عێراق کوژران و بە سەدان پێشمەرگەش بریندار بوون.

**پێنجەم:** لە پێناو پاراستنی خەڵکی ناوچەکە، سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) هێڵی کشانەوەی دانا، توانی لە کۆتا ڕۆژەکانی بەرگری لە 18ی شوباتدا لە چوار قۆلەوە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە ڕزگاربکات.

**پەراوێزەکان:**

* ئەنفال ناوی هەشتەمین سورەتی قورئانی پیرۆزە، لە (75) ئایەت پێکهاتووە، ئەم سورەتە لە جەنگی (بەدر) دابەزیووە، ئەمەش بۆ دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگ بووە، چونکە وشەکە لە زمانی عەرەبیدا کۆی وشەی (نفل)ە، بە واتا (غنائم) دێت، ئەم زاراوەیە بەر لە هاتنی ئیسلام لە ناو عەرەبدا بڵاوبووە، هەر وەك لە دێرە شعرێکی شاعیری ناوداری سەردەمی جاهیل (عەنتەری کوڕی شەداد) هاتووە، ( إنا إذا حمس الوغى نرو اقنا، ... ونحن وعند تقاسم الانفال). حکومەتی عێراق ئەم چەمکەی بۆ کردەیەکی سەربازیی لە دژی کورد لە باشووری کوردستان بەکارهێنا، وشەکەش لە لایەن لیوا ڕوکن (کامیل ساجت عەزیز) بۆ کردە سەربازییەکە بەکارهێنرا، ئەمەش بە سود وەرگرتن بوو لە قورئان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قوئانی پیرۆز، سورەتی هەشتەم ؛ زانا فەقێ، 2012: 16 ؛ دەشتی ئەحمەد حەسەن، 2022: 22؛ جەمال مەجید فەرەج: 2023: 50).

** مالوتکا چەکێکی(پارتیزان)ی بوو، بەکۆڵ هەڵدەگیرا، دووربینێکی لە سەر بوو، دەتوانرا بە ئاراستەی ٣٦٠ پلە بیسوڕێت، ١٨٠ پلە بە لای ڕاستدا و ١٨٠ پلە بە لای چەپدا دەسوڕایەوە، بۆ ئاسمانیش دەسوڕایەوە، چەکێکی کاریگەر بوو ( ٣٧٠٠م)ی دەبڕی، هەر لە تەقاندنی تا گەیشتنی بە ئامانجەکەی، لە ژێر کونترۆڵی بە کارهێنەری چەکەکە بوو. (وەرگیراوە لە// پەیوەندی تەلەفۆنی لە گەڵ یادگار شوکر عەبدوڵلا، ٢٠ی ئەیلولی2022؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سامی سەمین سەعید، کەلار، ٢٣ی ئەیلولی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان حەمەی مینا، سلێمانی، ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢٢).

*** دوای گۆڕانکاریی چۆنیەتی شەڕەکانی (ی.ن.ک) لەگەڵ حکومەتی عێراق، سەرکەوتنی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە زۆربەی لایەنەکان، بەڵام لە لایەنی (تانک و زرێپۆش) نەیدەتوانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، بۆیە سەرکردایەتی بڕیاریدا خولێکی تایبەت بە چەکی دوورهاوێژ بەتایبەتی چەکی (مالوتکا) بۆ ژمارەیەک پێشمەرگە بکاتەوە، کە ژمارەیان (21) پێشمەرگە بوو، لە وڵاتی ئێران لە شاری ئەهواز، خولەکە ناونرا بوو(ئەهواز/ شەهید قاسم محەمەد) هەوڵدرا لە هەموو تیپەکانی مەڵبەندەکان ژمارەیەک لە پێشمەرگە بنێرن بۆ خولەکە، خولەکە بە شێوەی تیوریی و پراکتیکی بوو، بۆ ماوەی (16) ڕۆژ بەردەوام بوو. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سامی سەمین سەعید، کەلار، ٢٣ی ئەیلولی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا کەریم، دەربەندیخان، پێنج شەممە، 20ی تشرینی یەکەمی 2022؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ یادگار شوکر عەبدوڵڵا، ٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنانی حەمەی مینا، سلێمانی، ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەفین عومەر عەبدوڵڵا، سلێمانی، 2ی تشرینی دووەمی 2022.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: قورئانی پیرۆز.**

**دووەم: بەڵگەنامەکان:**

1/ بەزمانی کوردی:


1- یەکێتی ی نیشتیمانیی کوردستان : ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەریی لە لایەن قسەکەرێکی ڕەسمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، 1988/3/5.

2- مەکتەبی سیاسی: ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، 19ی مارتی 1988

2// بەزمانی عەرەبی:

1- قرار مجلس الثورة/ 1987/3/29.

**سێیەم: پەرتووکەکان:**

1- ئاوات قارەمانی: ڕێگا باریکەکان،چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی ڕەهەند، سلێمانی، 2008.

2- ئارام هەڵەدنی: ئەنفالی  دۆڵی جافایەتی لە پلانی جینۆسایدی کورددا، چاپی دووەم، چپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2023.

3- خەلیل سەرکانی: ئەنفال لە یادەوەری پێشمەرگەیەکدا، چ1، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، 2009.

4- ڕەشید عەلی سەعید: پارتیزانێك لە ناوگڕوکڵپەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران، 2020.

5- زانا فەقێ محەمەد: جینۆساید لە باشووری کوردستان، ئەنفالی ناوچەی (گەرمیان) بەنموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2012.

6- فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرامبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان 1975-1989، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێی نوی، سلێمانی، 2014.

7- فەرید ئەسەسەرد و ئەوانی تر: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چاپی چوارەم، 2021.

8- مەحمود سەنگاوی: بیرەوەرییەکانی سەنگاویی، چ1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2004.

9- مەردان کوڵەجۆیی: ئەزموونی تەمەنێك، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، 2022.

10- نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا، چاپی دووەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، 1999.

11- هیومان رایتس وۆچ/مێدڵ ئیست وۆچ، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی سێهەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2013.

12- یوسف محەمەد بەرزنجی: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەدا، کتێبی دووەم 1984-1990،چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2019.

**چوارەم: چاوپێکەوتن و پەیوەندییەکان:**

1- نامەی مامۆستا عەلی بۆ توێژەر، 3ی ئازاری 2025.

2- نامەی شەماڵ کابان، 6ی ئازاری 2025، سلێمانی؛

3- چاوپێکەوتن لەگەڵ عادل شکور،28ی کانوونی دووەمی 2023

4- پەیوەندی تەلەفۆنی لە گەڵ یادگار شوکر عەبدوڵلا، ٢٠ی ئەیلولی202.

5- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سامی سەمین سەعید، کەلار، ٢٣ی ئەیلولی ٢٠٢٢.
6- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەدنان حەمەی مینا، سلێمانی، ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢٢.
7- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا کەریم، دەربەندیخان، پێنج شەممە، 20ی تشرینی یەکەمی 2022.
8- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ سەفین عومەر عەبدوڵڵا، سلێمانی، 2ی تشرینی دووەمی 2022.

**پێنجەم: سەرچاوە ئەکادیمییەکان:**

1// بە زمانی کوردی

1- دەشتی ئەحمەد حەسەن: پرۆسەی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، 2022.
2- زانا فەقێ محەممەد: ڕۆڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە باشووری کوردستان 1976-1988، نامەی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2024.
3- جەمال مەجید فەرەج: جینۆسایدی باشووری کوردستان، پرۆسەی ئەنفالی یەك بە نموونە (2/21-1988/3/19)، نامەی ماجستێر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2022.
4- شاباز محەممەد عەزیز: دۆڵی جافایەتی و بەری مەرگە، نامەی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2024.

2// بە زمانی عەرەبی:

1- نورة عمرون، الحملاوي شابجة: المسألة الكرديه في ظل الصراع الاقليمي (الحرب العراقية الايرانية أنموذجا)-(1980-1988)م. الرسالة الماجستير، غير المنشورة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة محمد بوضياف، 2016-2017.

**شەشەم: گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

1// گۆڤارەکان:

1- ڕەهبەر سەید برایم: پاشەکشەی سەرکردایەتی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) لە دۆڵی جافایەتی، کوردستانی نوێ، ساڵی دەیەم، ژمارە (2460)، چوار شەممە، 2001/5/23.
2- ڕێبازی نوێ: ڕۆژژمێری شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی، ژمارە (3،4)، مارت ونیسانی 1988.
3- ریبازی نوێ: ناوی شەهیدەکانی شەڕی سەرکردایەتی، ژمارە (3،4)، مارت ونیسانی 1988.
4- زانا فەقێ: جینۆسایدکردنی گەرمیان – ئەنفالی ناوچەی (داودە) بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، تەمموزی 2017.
5- کەیوان ئازاد ئەنوەر (دکتۆر)، تاوانبارە گەورەکەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ(101)، 2009.
6- مهیرەبان – هیوا: یادێك بۆ هەمیشە، چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا جەلال کەریم، گۆڤاری سەروەری، ژمارە 17، 2006، ل68.
7- عەدالەت عومەر ساڵح: پانۆرامای تاوانەکانی سەدام، گۆڤاری جینۆساید، ژمارە 1، 2015.
8- هەژار کیفە شەریف: گوزەرێك بە ناو تاوانەکانی ئەنفالدا، گۆڤاری چیا، ژمارە (50-51)ئادار و نیسان – ئایار و حوزەیرانی 2013.

9- یادگار عەلی محەمەد: ڕۆڵی چالاکیەکانی یادی (29) ساڵەی (ئەنفالی سێ) لە ڕۆژنامەوانیی بیستراوی گەرمیان دا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت، 2017.

2// ڕۆژنامەکان:

1- ئیدریش لاوە: بەشێك لە داستانی بەرگری مەڵبەندی ((3))ی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە کاتی ئەنفالەکان دا، کوردستانی نوێ، ساڵی دووەم، ژمارە (546)، هەینی، 1993/11/26.

2- بەهجەت ڕەئووف: بیرەوەری ئەنفالی بەدناوی یەك، کوردستانی نوێ، ساڵی دووەم، ژمارە (546)، هەینی، 1993/11/26.

3- بەهجەت ڕەئووف: ئەنفالی یەك، کوردستانی نوێ، ژمارە(1268)، یەك شەممە، 1996/4/21.

4- ژیلوان هەڵەدنی: دۆڵی جافایەتی و پرۆسەی ئەنفال، کوردستانی نوێ، ساڵی سی ویەك، ژمارە (5410)، پێنج شەممە، 2022/2/24.

5- مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی: سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کوردا، چاپی چوارەم، سلێمانی، 2013.

6- کۆسرەت ڕەسول عەلی: هەرگیز باوەڕمان نەبوو ڕژێمی بەعس چەکی کیمیایی دژ بە هاوڵاتی خۆی بەکاربهێنێت، کوردستانی نوێ، ساڵی چواردەهەم، ژمارە (2615)، دوو شەممە، 2005/3/7.

7- کوردستانی نوێ: گەمارودانی سەرگەڵو و بەرگەڵو بە 23ی شوبات تا 19ی مارتی 1988، وەرگێرانی: ئەندازیار/ ئاسۆ فەرهاد، ساڵی دووەم، ژمارە (546)، هەینی، 1993/11/26.

8- هاوکاری: هێزەکانی بەرگری نیشتیمانی و بدرو قعقاع و معتصم ... بەکارێکی پاڵەوانانە بنکەی خیانەتکاران داگیرکرا، ژمارە (959)، 1988/3/21.

**بە زمانی عەرەبی:**

1- الثورة: احتلال مقر اخيانة بقتال باسل و ثاري) عدد (6805)، 1988/3/21.

**حەوتەم: سەرچاوە ئەلیکترونییەکان:**

1- د. شـــــــــۆرش حـــــــــاجی ، لــــــــە خـــــــــەرمانی درو، 5ی کـــــــــانوونی دووەمـــــــــی 2025، https://youtu.be/hvYtbEi04Q6gTIKw?si=ZFTTpAbhDX9، کــاتی ســەردانیکردنی 20ی شــوباتی 2025.

## نەخشەی پرۆسەی ئەنفالی یەك



**بەڵگەنامەی ژمارە (1) قرار مجلس الثورة/ 1987/3/29.**



بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

رقم القرار/ ١٦٠

تاريخ القرار/ ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين، والفقرة (أ) من المادة الثالثة والاربعين من الدستور، وتنفيذا" لما تقرر في الاجتماع المشترك لمجلس قيادة الثورة والقيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي المنعقد في ١٨/٣/١٩٨٧.

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة في ٢٩/ ٣/ ١٩٨٧ ما يلي:-

اولا. يمثل الرفيق علي حسن المجيد، عضو القيادة القطرية لحزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القطرية للحزب ومجلس قيادة الثورة في تنفيذ سياستهما في عموم المنطقة الشمالية ومنها منطقة كردستان للحكم الذاتي بهدف حماية الامن والنظام وكفالة الاستقرار فيها وتطبيق قانون الحكم الذاتي في المنطقة.

ثانيا. يتولى الرفيق عضو القيادة القطرية، لتحقيق اهداف هذا القرار، صلاحية التقرير الملزم لجميع اجهزة الدولة المدنية والعسكرية والامنية، وبوجه خاص الصلاحيات المنوطة بمجلس الامن القومي ولجنة شؤون الشمال.

ثالثا. ترتبط الجهات التالية في عموم المنطقة الشمالية بالرفيق عضو القيادة القطرية وتلتزم بالقرارات والتوجيهات الصادرة عنه التي تكون واجبة التنفيذ بموجب هذا القرار.

٢- اجهزة المخابرات وقوى الامن الداخلي والاستخبارات العسكرية.

٣- قيادات الجيش الشعبي.

رابعا. تلتزم القيادات العسكرية في المنطقة باوامر الرفيق عضو القيادة القطرية فيما يتصل بـ (اولا") من هذا القرار.

خامسا. يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره وحتى اشعار آخر، ويتوقف العمل بالاحكام القانونية التي تتعارض واحكام هذا القرار.

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

سەرچاوە: کەیوان ئازاد ئەنوەر (دکتۆر)، تاوانبارە گەورەکەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، گۆڤاری ڕێبەری پێشمەرگە، ژ(101)، 2009.

**بەڵگەنامەی ژمارە (2) یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، 1988/3/5.**

# راگەیاندنێکی رۆژنامەگەری لە لایەن قسەکەرێکی رەسمی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە

١ - لە سەعات ( ٣ ) ی بەیانی رۆژی ١٩٨٨/٢/٢٥ جەیشی احتلالی بەعسی لەسەربازگەی کاریزە و سوسێوە دەستی کرد بەتۆپ بارانی گوندەکانی باخسەمەر، هەڵەدن، سەرگەڵو، گوێزیلە لەناوچەی دۆڵی جافەتی وەبە مەوادی کیمیاوی، کە ئەمە بووە هۆی ژەهراوی بونی (٢٠٠) کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە و پێشمەرگە وە بەشی زۆریان لەمانە هاوولاتین، هەروەها (١٢) هاوولاتی بەم گازە ژەهراوی بە شەهید بون ، وە (٥) کەسیان هی یەك خێزانە .

٢ - لە ئەنجامی پشکنینی مختەبەریدا دەرکەوت کە ئەم جارە غازی ئەعصاب بەکار هێنراوە ( تابۆن ) .

٣ - دوابەدوای ئەم تاوانە جەیشی ئیحتلالی بەعسی بەتۆپ خانەی قورس و تانك و فرۆکەی جەنگی و هێلیکۆپتەر کەوتە هێرشێکی بەربڵاو کە هەموو توفتەکانی تەماسی هێزەکانی داگیرکەر و ( ی.ن.ك ) ی گرتەوە، بەنیازی چونە پێشەوەی. بوردمانی خەتی دفاعی هێزی پێشمەرگەی کرد لە:

١ - محوەری ئاسۆس ، مەرگە ، مەلا سەفی ، بێدەلان ، گەورە قەلا ، کورە روتاڵ .
٢ - محوەری قەرە سەرد ، شارستێن ، دۆڵ مازەڵە ، قەڵەم پاشا.
٣ - محوەری کێچینە ، سورداش ، هۆمەرقەوم .
٤ - محوەری پیرەمەگرون ، قوڵە بوشێتە .
٥ - محوەری دۆڵە روت ، هەنارانی خواروو ، پیرکە .
٦ - محوەری کۆجار ، کەرەدێ .

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەرانسەری جەبهەکاندا بەرامبەر دوژمنی داگیرکەر وەستان،سەدان کەلاکیان لێخستون .
لە قوڵی پیرکە یەك هیلکوپتەر خراوەتە خوارێ ، بەلایەنی کەمەوە یەك دەبابە تێك شکێنراوە .
تا ئێستا هەموو هێرشەکانی دوژمن شکێنراوە.
زیانی ئێمە لە قوڵی پیرەمەگرون دوو شەهیدە . لە قوڵە بوشێتە یەك شەهید ، وەهەروەها (٣) شەهیدی کە لە ئەنجامی بۆردومان کردنی فرۆکەکانی بەعسە فاشیەکان.
.. یەکێتی خۆراگری پێشمەرگە قارەمانەکان و خەڵکی ناوچەکە بێ وێنەیە.
.. هاوزەمان لەگەڵ ئەم هێرشەدا جەیشی ئیحتلالی بەعسی بۆ رۆژی سێهەم هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی جادەی قەڵیفان - رانیە لەم محوەرانەوە :
١ - محوەری خەلیفان ، بناری کۆرەك ، ئالانە ، گوندی بناوێ ، شیخ محمودیان .
٢ - محوەری سەروچاوە ، مێرگەسەر ، دۆڵی زێوێ ، هەرتەل.
لە هەردوو سەرەوە هێرشەکان تێك شکێنران ، سەدان کەس لەدوژمن کوژرا و بریندارە، عەندێ لەلاشەکانیان کەوتونە دەست پێشمەرگە قارەمانەکان .
یەك دەبابە تێك شکێنراوە لەم محوەرەدا .
قوربانی خۆمان لەم قوڵەوە بریتی یە لە شەهیدان :
١- کاوەی عثمان مستەفا .
٢- تقی الدین خدر.
٣- دکتور نزار.
٤- عەلی دەربەندی .
ئەوەی شایانی باسە لە هیچ لایەك دوژمن نەیتوانیوە بێتە پێشەوە.

شەهیدەکانی قەسفی کیمیاوی :
١- عەبداللە دالار تەمەنی ٦٠ ساڵ خەڵکی باخسەمەر.
٢- حەلاو محەمەد کە خێزانێتی تەمەنی ٤٠ ساڵ .
٣- شوکری عەبداللە کچێتی تەمەنی ١ ساڵ.
٤- پەیمان عەبداللە کچێتی ١٤ ساڵ.
٥- سۆران عەبداللە کوڕێتی ١٢ ساڵ.
٦- ئازاد سەمیع پێشمەرگەی پارێزکاری تەمەنی ٢٥ ساڵ.
٧- یاسین عەبدولرەحمان خەڵکی هەڵەدن تەمەنی ٣٠ ساڵ.
٨- سروە یاسین کچێتی تەمەنی ٧ ساڵ.
٩- عەبداللە ئەحمەد پێشمەرگە.
١٠- ئەزوەر ئەحمەد حاجی خەڵکی باخسەمەر.
١١- محەمەد فەرەج خەڵکی گەرەدێ .
- محەمەد سەعید خەڵکی باخسەمەر ٣٠ ساڵ.

.. لەقوڵی دوڵە رووت زیانی دوژمن بەم شێوەیەیە :
یەك هیلیکوپتەر خراوەتە خوارێ ، لەکوژراوەکانی دوژمن لاشەی ١٢ سەرباز کەوتوٚتە دەست پێشمەرگە کە لە نێوانیانا .. یەك ملازم ئەوەلی تێدایە، هەروەها لەوانەی کە هەویەکانیان دەستگیر بووە :
١- جندی ئەوەل حەیدەر مەحەمەد جەبر ژمارەی هەویە ٤٨٧٢.
٢- جندی مکەلەف عبدالکریم حمید حسین خەڵکی بەغداد- اعظمیە ژمارەی هەویە ٥٣٩٧٩ ئەمانە هەموو سەر بە قاطعی قادسیەی دوژاوی سەدامن .
جگەلەمانە تێکشکانی یەك ناقیلە، یەك ئیڤای عەسکەری.
.. دەستکەوت لەم قوڵەوە : یەك هاوەنی ٦٠ملم ، یەك BKC ، یەك قەناس، یەك جیهازی بێ سیم، یەك موکەبەرەی سەوت، دوو سەیارەی جێبی قیادە، ژمارەیەك لە قەناعی غاز و کیسەی خەو و هەندێ کەلوپەلی تر.
پێشمەرگە قارەمانەکان لەم قوڵەوە بێ زیان بوون .

ئەمە دەقی ئەو هەواڵانە بوو کە لە لایەن قسەکەرێکی رەسمی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستانەوە بلاوکرایەوە لە رۆژی ٢٧ / ٢ / ١٩٨٨... وە دواهەواڵی ئەم هێرشە بەربلاوەی دوژمنی داگیرکەر کە لە کوردستانەوە گەیشتە دەستمان تاوەکو رۆژی شەممە ٥ / ٣ / ١٩٨٨ بەم شێوەیەی خوارەوەیە :
دوژمن لەم هێرشەدا :-
١- ( ١٥ ) لوای عەسکەری بەکارهێناوە، وە لەمانە ( ٨ ) لوای لە بەرەکانی شەری عیراق - ئێران لە خوارووی عیراقەوە کێشاوەتەوە بۆ کوردستان .
٢- زیاتر لە ( ٢٠٠٠ ) سەربازی لێ کوژراوە و لەگەڵ سەدان بریندار.
٣- لە کوژراوەکان ( ١٠٠ ) کەسی بە روتبەی ئەفسەرن .
٤- بە سەدان ئەسیری لێ گیراوە.
٥- بەردەوام گازی کیمیاوی بەکارهێناوە لە هێرشەکانیدا وە تاکو گەیشتنی ئەم هەوالانەش .
٦- هەتاوەکو رۆژی ٥ / ٣ / ١٩٨٨ بەردەوام بووە لە هێرش کردندا و لە هەموو بەرەکانەوە
٧- لە هەمو هێرشەکانیدا شکێنراوە و، وە نەیتوانیوە بەهیچ جۆر سەرکەوتن بەدەست بهێنێ .

یەکێتی ی نیشتمانیی کوردستان
١٩٨٨ / ٣ / ٥

سەرچاوە: ئەرشیفی بنکەی ژین.

**بەڵگەنامەی ژمارە 3 ، بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان)، 19ی مارتی 1988.**

راگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان .

لەرۆژی ( ١ ٢ /٢ /١٩٨٨ )وە تا رۆژی ١٨/ ٣ / ١٩٨٨ هەموو قوەاتی فەیلەقی یەك وفەیلەقی پێنجی جەیشی احتلالی بەعسی بەپشتیوانی زیاتر لە (٢٠) لیوا کەلەفەیلەقەکانی (٢و٣ و٤ و٦و٧ ) وەهێنرابوون بە پالپشتی سەدان تانك و مدرعەو ناقیلەوسەدان توپی تویسی (١٣٠) ملم و( ١٥٢ ) ملم ودەیان کاتیوشای ( ١٢٠) ملم بەپالپشتی تەیەرانی جەیشی هێزی ئاسمانی عیراق هێرشێکی بەربلاوی کردە سەر ناوچەکانی دولی جافەتی کەبەشێك لەبلە رەگاکانی سەرکردایەتی و مەلبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لی بوو . لەشەرێکی جەبهەیی قورسدا کەزیاتر لە ( ٢٥ ) شەو ورۆژی خایاند پەدربوایی خەتێکی جەبهەیی کە ( ٧٠) کم زیاتر بوو ، دوژمن هەموو جۆرە چەکێکی تیا بەکارهێنا و سەدان تەن گازی ژەهراوی خەردەلی بەسەر جەبهەکەو ناوچەکەدا رشت .لەم شەرە کەم وینەیەدا ە . ن . ك داستانێکی کەم وینەی پر تەجروبەیان تومار کردو لەسەر هەر بەردو لوتکەیەکی نیشتمانەکەی خوێنیان بەوبەری ئازایەتییەوە بەرامبەر جەیشی احتلالی بەعس جەنگان و بەسەدان کەلاکیان لی خستن .. ئەم شەرەلەلایەن خودی جەلادی عیراق ( صدام حسین ) ە وە ئیدارە ئەکرا ، وەزیری دیفاع عدنان خیر الله و ئامۆزا خوێن رێژەکەی صدام عەریف ( علی حسن المجید ) سەرپەرشتی ئەکرا . جەیشی احتلالی بەعسی لەم هێرشەدا جگە لەداگیر کردنی ئەو ناوچانە ئەیویست زەمانەو زەمینی شەرێکی نابەرامبەر لەژمارەو جوری چەکدا بەسەر هێزەکانی ئێمەدا بسەپێنی بوئەوەی لەچالاکیان بخات ، بوبە سەرکردایەتی ( ی . ن . ك ) بەچاکی زانی کەخەلکی ناوچەکە ، بوئەوەی توشی زەرەری زورتر نەبن ، بگوێزرێنەوە بو دەوروبەری جەبهەکە .. لەشەوی ٢٧/٢٨ /٣ شدا هێزی پێشمەرگە لەهەندی شوێنی ناوچەکەبەرێك و پێکی و بەسەلامەتی کشایەوەو نەی هێشت لاشەی هیچ پێشمەرگەیەکی شەهید یا تەنیا یەك بریندار دەست دوژمن بکەوی یا هیچ کەلوپەلێکی بەکەلك ، تەنانەت هیچ خانوو و کولەتێکی کەدوژمن سوودی لی وەربگری بەساغی بو دوژمن بەجی بمێنی . لەم شەرە کەم وینەیەدا هێزی پێشمەرگەی قارەمان تەنها ( ٤٠) شەهیدی داو لەناو ئەوانەدا تەنها یەکێکیان فەرماندەی تیپ بوو کەکاك محمد رازاتی فەرماندەی تیپی ( ٦٣ جوتیاران ) بو کەلە هێرشی شەوی ( ١ / ٣ ) دا بوسەر شەدەلە شەهیدبوو .. لەبەرامبەر ئەمەدا دوژمن زیاتر لە هەشت هەزار کەس لەهێزە چەکدارەکانی کوژراو و بریندار ، کەزیاتر لە ( ٤٠٠) کەسیان ئەفسەرن لەوانە قائدی ( فرقەی ٢٤) واتە قواتی (مەتهم ) وە ئامر هندسەی (فرقەی ٢٤ ) بەناوی محین عدیان امر لیوا و ئامر فوج و ئامرسریە ، هەروەها دەیان دەبابە و ناقیلەو مدرعە و سەیارەو توپخانە تێکشکێنراو چەندین کوپتەرپێکراو ، دیەکێکیان لەسلیمانی و یەکێکی تر لەرۆژی ٢/٧ دا لەچوار قورنە بەبەر چاوی خەلکەوە کەوتە خوارەوە و سەدان سەرباز و ئەفسەر لەم ( لیوا ) یانە بەئەسیر گیرا ( لیوای قوات خاصەی ٦٥ و٦٦ هەردوکیان سەر بە قیادەی عامەی قواتی مسلحەن ـ لیوای مغاویری فەیلەقی ( ٢و٤ و٥ و٦ ) ـ لیوای ١٩ لیوای ٣٦ ـ لیوای ٢١ ـ لیوای ٧٢ ـ لیوای ٧٥ ـ لیوای ١١٦ ـ لیوای ٤٣٨ ... لیوای ٤٤٨ ـ لیوای ٤٤٥ خ فەوجی مغاویری فرقەی ١٠و٤ ، ( ٣٠ ) فەوجی مستەقیل لەمولیدەکانی (١٩٤٥) سەروای هەندی جاشی خوفروش ) هەروەها سەدان پارچەچەکی جوراوجور دەزگای بێتەل و نەخشەو مستەمسەکاتی جیاجیا دەسکەوت بو بەم بونەیەوە ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان ئەکەین ئەگەر چی دوژمن بەتیبەتیکی گران سەرکەوتنێ وەرچەرخانیك ئەبو لەجەنگی ( ٢٧) سالەی گەلی کوردو جەبهی عیراقی دابەقازانجی گەلەکەمان و سەرەتا لزیك بوتەوە ... بەلام دلنیایان ئەکەین کەئەم هەرە نقطەی پاك کردنەوەی بەکجاری خاکی کوردستان ئەبی لەهێزی جەبەلی داگیرکەری بەعسی کەرۆژی لەگورنا بویەشەوە بویەرە پەیدانی خەبات لەپێناوی روخاندنی رژێمی بەعسی و بەدەست هێنانی مافی ئازادی چارەنووس بوگەلی کورد ..

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٩/ ی مارتی ١٩٨٨

سەرچاوە: یوسف محەمەد بەرزنجی: یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە کۆمەڵێ بەڵگەنامەدا، کتێبی دووەم 1984-1990،چ1، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، 2019.

# The Role of the PUK Peshmerga Forces in Protecting the National Identity during the Anfal Process: The First Phase

**Abstract**

Anfal was a planned military campaign by the Iraqi government to destroy Kurdish identity and the Kurdish liberation movement in Kurdistan, especially after the resumption of the armed struggle led by the Patriotic Union of Kurdistan in 1975, where the PUK peshmerga forces were able to liberate a large part of the southern Kurdistan. Therefore, the Iraqi government began the crime of Anfal on February 23, 1988, and ended it on September 6 of the same year. It was implemented in eight phases in six different regions. The first phase of this campaign began with the attack on the Jafayati Valley on February 23, 1988, where the PUK leadership headquarters was located. To prevent the destruction of the areas and protect the lives and identity of the population, the PUK peshmerga forces have clashed with the Iraqi army forces, where several people on both sides were killed. This study consists of an introduction, two independent sections, conclusions, a reference list, and an appendix of documents. The first section, entitled “Anfal: Phase One”, explains the reasons and how the Iraqi government launched the plan for Anfal in the Jafayati Valley. In the second section, entitled “The Role of the PUK Peshmerga Forces in protecting the National Identity during the Anfal Process: Phase One”, we discussed the role of the PUK Peshmerga Forces in planning and mapping to face the Iraqi army forces to protect the area and national identity, and tried to determine the number of dead on both sides.

**Keywords**

Anfal, Iraqi Army, Peshmerga Forces, Jafayati Valley, Encounter, Killed